# چاوەروانی لینین دەکەین بگەریتەوە

## پاش کۆتایی هاتنی یەکیتی سۆڤیەت گوندیکی ئەرمینیا کۆمۆنیزم هەلدەبژیریت



لەسەردەمی یەکیتی سۆڤیەت دا،گوندی ( لیرنامیردز ) یەکیک بوو لەو شوینە دەگمەنانەی کە پەیکەری لینینی تیا نەبوو . خەلکانی ئەم گوندە دەلین ئیمە کۆمۆنیستی ئاشتی خواز بووین ، بەلام وەک و کەسانی هەلسوراوو ماندوو نەناس تەنها 7 حەوت کۆمۆنیستمان هەبوو کە چالاکیان دەکرد .
بەلام پاش سەربەخۆیی ئەرمینیا [ لە یەکیتی سۆڤیەت] و کاتیک پەیکەری کللەسەری رابەرە مەزنەکانیان دەگرتەخوارەوە[ لەوانەش لینین] لە سەرانسەری وولات دا سالی 1996 .خەلکی لیرنامیردز( ئەم ناوە بە ئەرمەنی مانای لە {نزیک شاخەکانەوە} دیت )، هەستان بەبەرزکردنەوەی پەیکەری کللەسەری لینین لە ناوەراستی گوندەکەیان دا ، ئەم پەیکەرە کە لە بەردی بورکان دروست کرابوو قورساییەکەی دوو تەن دەبیت وشوینیکی گرنگی ئەم گوندەی داگیرکردووە و بۆتە سەرچاوەی شانازییەکی گەورە بۆ ئەم گوندە .
ئازاد بارسیگیان سکرتیری گرووپی ناوخۆیی کۆمۆنیست لە لیرنامیردز، کە دەکەویتە [ واتا ئەم گوندە ] دۆلی ئارارات ، نزیک یەریڤان دەلین:- سالی 1990 کاتیک دەورانی سۆڤیەت کۆتایی هات ، تیگەیشتین لە وەی کەکام مەسەلە باش بووە بۆ ژیانمان ، لەپاش 6 سال تیگەیشتین لەوەی کە تەنها یەک راستی هەیە ئەویش تەنها سۆسیالیزمە ، لەو رۆژەوە کۆمۆنیزم مان کردۆتە ریبازیک بۆ ژیانمان هەتا ئەمرۆ .
پیاویکی 41 سالە لە ئارارات پیی ووتین :- کاتیک لینین دەگەریتەوە
، ئاوەکان بە هاژەکانیان لە جۆگەکاندا گۆرانی دەلین و خەلکیش ژیانیکی باشتر دەست پی دەکەن
بەپی ی ووتەی پیاویکی بەتەمەن و وەفاداری کۆمۆنیزم :- لیرنامیردز ناسراوە بە ( کوبای بچوک ) لە ئەرمەنیدا ، بیروباوەری کۆمۆنیزم بالی کیشاوە بەسەر هەموو مالەکان دا ، لەم گوندەدا 103 خیزان هەیە دانیشتوانەکەی 530 کەسن .
کوبای بچوک بۆتە جیگایەکی سەرنج راکیشی گەشت و گوزار ، گەشتیارەکان لە وولاتانی روسیا ، ڤیتنام ، فەرەنسا ، بیلاروس ، یۆنان ، قبرس ، وولاتانی تر ، دین و بۆچون و هەلسەنگاندن و هیواکانیان لە ناو کتیبی ئالتونی لیرنامیردز ، کە لە بەرگی یەکەمیدا بە وینەی لینین رازاوەتەوە یاداشت دەکەن .

لە سوچیکی مالیکدا کە بەبەردی سور دروست کرابوو ، ئازادی 61 سالە ، بەئاگایی یەوە خەریکی دانانی وینەیەکی گەورەی لینین بوو ، کەمیک لەولا ترەوە وینەی کللە سەری لینین لکینرابوو بە شوشەی جامخانەیەکەوە .

ئارتۆری 41 سالە پی ی ووتین کە :- پەیکەری لینین هیزمان دەداتی ، شایەت حالی برایەتی و پیشکەوتنمانە .
لە دەوروبەری ئەم سەرچاوەی هیزەدا ، خەلکی ئەم گوندە زۆر ئاهەنگ و مەراسیم ساز دەکەن وەک ئاهەنگ گیرانیان بە بۆنەی لە دایک بوونی لیدەری مەزنەوە [ لینین ] ،رۆژی کۆچی دوایی یەکەی ، یادی شۆرشی ئۆکتۆبەر ، رۆژی یەکی ئایارو 7 حەوتی نۆڤەمبەر .

له ژیر تیروانینی تیژو پتەوی لینین دا[ مەبەستی پەیکەری لینینه ] ، مندالان ریبوارانی ریگای خۆشی و خۆشەویستین و ئەندامی { کۆمسۆمۆ لی } ناوخۆیین .
له کاتی ئەم ئاهه نگ و بۆنانەدا 50 بۆینباخی سور کە بۆ ئەم مەبەستە هەلگیراوە لە ملی مندالان دەبەستریت .
ئازاد دەلیت :- زۆربەی جار رۆژنامەکان باسمان ناکەن ، بەلام کە دینە قسە پیمان دەلین پاشماوەی کۆمۆنیزم بە بۆینباخیکی سور دەبینن کە لە ملی مندالانیان دەبەستن .
ئازاد ووتی :- بەلام وانی یە ئیمە بۆینباخی سور لە ملی مندالان دەبەستین بۆ ئەوەی هەستی پاکیان رابگرن .
ئەلبیرت میرزۆیان ی 14 ساله ووتی:- بە پیچەوانەی بۆچونی وولاتان و ناوچەکان و زەمەنی ئیستا [ لەسەر کۆمۆنیزم ] ، ئیستا رون و ئاشکرایە کە لینین چ ئینسانیکی مەزن بووە .
ئەلبیرت بە دورودریژی باسی بۆنەوئاهەنگە کۆمۆنیستی یەکانی بۆ دەکردین کە بە شۆروشەوقەوە ئەنجامیان داوە .
<< ناتوانیت پیشبینی ئەوە بکەیت کە ئیمە بە چ شۆروشەوقیکەوە چاوەروانی یەکی ئایار دەکەین؟ لەم رۆژەدا هەموومان پیکەوە دەچین بۆ یەریڤان>> .
بەلام ئەرمین بارسیگهین ی 15 ساله ، کە بە شانازی یەوە بۆینباخە سورەکەی نیشان دەداین ، پی ی ووتین کە :- هەموو بالۆن و ئالاسورەکانی خۆش دەویت کە بەرز دەبنەوە ، رۆژی یەکی ئایار ، پیرو گەنجی هەموو گوندەکە لەم مارشەدا بەشدار دەبن و جمۆجۆلیان هیمنانەیە .

لیودا هاروتیئونیان ، ئافرەتی 38 ساله ، کەلە گوندیکی نزیک ڤۆسکیهات ژیان بەسەر دەبات ووتی :- لە لیرناميردز وا هەست دەکەیت کە لە زەمەنیکدا دەژیت ، هەموو کەسیک باش ژیان بەسەردەبات و ئەم ئاهەنگ گیرانانە لەم گوندەدا سالانی قوتابخانەم دینیتەوە یاد کە مارشمان دەکرد بە بۆینباخی سورەوە .

ژاڤین گریگۆریان ، لیپرسراو لە قوتابخانەی لیرنادزۆر کە لە گوندیکی دراوسی ی ئە گاڤناتون دەژی پی ی ووتین :- کە پەیوەندی خەلکی ئەم گوندە لە گەل یەکتری زۆر دۆستانەیە ، لەو باوەرەدام لە ئەنجامی بیری هاوپشتی و کۆمۆنیزمەوە هاتوون .
خەلکی گوندەکە پییان ووتین:- لە گەل ئەمانەشدا رۆژیک بە گەیشتنی لیپرسراویکی تازە و بریاریک کە لە سەرەوە دەرچوو بە قەدەغەکردنی بۆینباغی سور ، چونکە << بەشیک نی یە لە پرۆگرامی خویندن>>.
ژاڤین هەروەها ووتی :- بەلام لەگەل ئەوەشدا کە کۆتایی بە بەستنی بۆینباغ{ سەرپیچی کردن لە یاسا } هاتووە ، بەلام لە بەر کردن و فیربوونی هۆنراوەکان لە سەر لینین و سۆسیالیزم کۆتایی نەهاتووە و رۆحی گوند نشینە کانی تیک نەشکاندووە .
هەموومان پیکەوە وەکو یەک بیردەکەینەوە ، لە هەمووی گرنگتر هەموومان یەککرتویین ، تەنانەت مندالانیشمان فیری ئەم یەکگرتنە بوون ، لەو باوەرەدام دەتوانییت بە هۆی یەککرتنەوە زۆر کار ئەنجام بدەیت .
گوند نشینەکانی لیرنامیردز هاوران لە سەر ئەم بۆچونە ، گرتنەبەری کۆمۆنیزم وەک و بیریکی یەکسانیخواز یارمەتیان دەدات کە زال بین بەسەر تەنگ و چەلەمە کۆمەلایەتیەکاندا ، کە پاش رمانی یەکیتی سۆڤییت بەرەو روویان بووەوە .
بەلام ژیان لیرە ئاسانتر نەبووە لە چاو باقی گوندەکانی تری ئەرمینیا ، بەتایبەتی پاش نەمانی خۆمالیکردنی زەوی لە گوندەکەدا .
لیرنامیردز تەنها بە ریبازی کۆمۆنیزم بە ناوبانگ نی یە ، بەلکو بە گیای { تەرخون} یش بەناوبانگە کە نەوعی یەتیکی باش بەرهەم دە هینیت و دەبیتە دەرامەتیکی باش بۆ گوندەکە لەکاتیکدا کە گرانی زۆر بۆ خەلک دەهینیت .

گوند نشینەکان دەلین :- لە سالی نەوەتەکاندا ، تەرخونی لیرنامیردز یەکسەر نیردراوەتە دەرەوە بۆ تەبلیسی ،داهاتیکی باش و جیگیری دابین کردبوو بۆ دانیشتوانەکەی ،بەلام ئەمرۆ بازرگانە گەورەکان ئەم کارەیان گرتۆتە ئەستۆی خۆیان ، تەرخونیکی زۆر دەکرن بە نرخیکی زۆر هەرزان و دەیفرۆشنەوە بە نرخیکی گران .

یەکیک لە دانیشتوانی ئەم گوندە ووتی:- خەلک دەلین لە دەورانی کۆمۆنیزم دا [ کۆمۆنیزمی سۆڤییت ] ئازادی نەبووە ، بەلام ئەمرۆ خەلک زیاتر پەیوەستن بە پەیوەندی مالەکانیانەوە وەک لە زەمانی سۆڤییت دا .
گوند نشینیک بە شانازی یەوە رایگەیاند:- کە لیرنامیردزگوندیکی تاقانەی ئەرمینیایە کە سۆسیالیزم بە زیندوویی ماوەتەوە تیایدا هەتا ئیستا و خەلکەکەی وەفادارن بە بیرو باوەری پیشینیانەوە ،وە لەوباوەرەدایە کەئەم زەمەنە [ دەورانی کۆمۆنیزم ] رۆژیک دەگەریتەوە .

ئەگەر ممکین بووە دەولەتیک ی بە هیزی 70 سالە بروخیت . ئایا بۆ حکومەتیکی لەسەر لم دروست کراوی ئەم دەولەتە [دەولەتی ئەرمینیای ئیستا ] ناتوانریت بروخیندریت ؟

**من لەو باوەرەدام کۆمۆنیزم لە دواییدا سەرکەوتن بەدەست دینیتەوە .**

کۆمسۆمۆل:- ووشەیەکی روسی یە، بە مانای ئەندام لە ریخراویکی جەماوەری سۆڤی یەتدا دەگەیەنیت ، ئەرکی کۆمسۆمۆل بریتی بووە لە ریکخستنی گەنجان لەسەر بنەمای کۆمۆنیستی.- وەرگیر

تەئکیدی ئەم دوو کاوانەیە [ ] هی منە- وەرگیر

ئەم نوسراوە وەرگیراوە لە سایتی {کۆمۆنیستەکان} ،کەسایتیکی فەرەنسی زبانی سویسرایە ، کۆمۆنیستەکان گروپیکن کە جیا بونەتەوە لە حیزبی کاری سویسری.

وەرگیرانی لە فەرەنسی یەوە
هۆشیار قادر
2.8.2006

hoshyar kadr@yahoo.fr